www.kurdistannet.org
30-1-2007 21:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەست نیشان کردنی بەدیارترین و خراپترین ووشە لەجیهاندا ... وەرگێرانی لەعەرەبییەوە: هەورامان علی تۆفیق



وەك فەرهەنگێكی هەمیشەیی ئەڵمانەكان بۆ دەست نیشان كردنی بەدیار ترین و خراپترین ووشە لەجیهاندا كە دوای كۆتایی ساڵ و لەسەرەتایی ساڵی نوێدا دیاری دەكرێت. بەرچاوترین لێكدانەوەكە ساڵی 2006 بەكارهێنراوە گۆشەی هاندەران (المشجعین) و لەهەمان كات دا (بەجێ هێشتنی ئارەزوومەندانە) بە ناخۆشترین لێكدانەوە بووە كە بەكارهێنرابێت لەو ساڵەدا، ساڵانە دوو لیژنەی سەربەخۆی ئەڵمانیا هەڵدەستن بەدەست نیشان كردنی ئەو ووشە لێكدراوانەی كە بۆ گرنگ ترین ڕوداوەكانی ئەو ساڵەدا بەكارهێنراوون و لەهەمان كات دا ئەو ووشە خراپانەی كە بەكارهێنراوون.

لیژنەی تایبەت بەو هەڵبژاردنە كە سەربەر كۆمەڵەی زمانەوانی ئەڵمانیە (ووشەی ساڵ) هەڵدەستێت بەدیاری كردنی ووشەی ساڵ، مەبەستیش تێیدا بەدیارخستنی ئەو ووشانەی كە بەدیاركەوتنیان زۆربووە وگرنگی زۆریشیان پێدراوە لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە، كە جێگای گفتووگۆ و لێدوان بوون لەماوەی ئەو ساڵەدا، ئەمەش لەساڵی 1972 وە لە ئەڵمانیا ساڵانە ئەم لیژنەیە هەڵدەستێت بەم كارە، هیچ ڕاسپاردەو پێشنیاری دەرەكیش وەرناگرێت كە كاریگەری زۆریشی لەو لێكدانەوانە تێناكرێت، لەگرنگ ترین ئەو ووشانەی كە ساڵانی پێشوو دەست نیشان كراوون لەوانە: (تشرنوبل) كە ووشەی ساڵی 1986 بوو لەگەڵ ووشەی (ئایدز) كە پاڵەوانی ساڵی 1987 بوو، لەساڵی 2001 كە ووشەی 11ی سێپتەمبەر بەدیاركەوتنێكی زۆر دیارو بەرچاوی هەبوو كە بووە نیشانەیەكی مێژوویی كە تێیدا دەووترێ (پێش 11ی سێپتەمبەر یان دوای) بەم شێوەیە دەست نیشان كرا بەووشەی ئەو ساڵە، ساڵی 2005 ووشەی (المستشارە) ڕاوێژكار بەڵام بۆ مێینە دوای ئەوەی كە مێركل وەك یەكەم ئافرەت هەڵبژێردرا وەك ڕاوێژكاری ووڵات، كە ئەم ووشەیە ئەو ساڵە بووە ووشەی ساڵی 2005.

دوای یەك گرتنەوەی ئەڵمانیا لەساڵی 1990 دەست كرا بەباسكردنی (هەرێمە نوێكانی ئەڵمانیا) مەبەست لەوەش ئەو هەرێمانەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، یان ساڵی 1995 كە ووشەی (فرەلایەن) بووە ئەستێرەی ئەو ساڵە، لەسەرەتایی بەدیاركەوتن و بلاوبوونەوەی ئەم تەكنەلۆژیایە و لەگەڵ پێشوازی كردنی ئەڵمانیا بۆ یاریەكانی جامی جیهانی ساڵی 2006 كە هەوادارانی تۆپی پێ پێگەیەكی دیارو بەرچاویان هەبوو، كە ووشەی (گۆشەی هاندەران) بۆ یاریەكانی تۆپی پێ كە لەشاشەی تەلەفزیۆنەكانیاوە چاودێری یاریەكانیان كردووە.

خراپترین ووشەی ساڵ

ئەو ووشانەی كە بەخراپ و ناشیرین بەدیار دەكەون و هەندێ جار بەزۆری بەكاردەهێنرێن (ووشەی خراپی ساڵ) كە تایبەتە بە زانكۆیی فرانكفۆرت، مەبەستیش لەم بزووتنەوەیە ئەوەیە كە ئەو ووشانەی كە بەشایەستەی نازانن و بەشێوەیەكی بابەتیانە لەوانەیە ببنە بریندارکردنی هەستی مرۆڤایەتی. و ئەو ووشانەش هەڵدەبژێردرێن كە لێكدانەوەو ڕەخنەی لێگیراوە لەماوەی ئەو ساڵەدا. ئەم بزوتنەوەیەش لە زانكۆی فرانكفۆرت دروست بوو ساڵی 1991 لەو كاتەوە داوا لە جەماوەردەكرێت كە ساڵانە پێشنیاری ئەو ووشەو لێكدانەوانە كە هەست دەكەن شێوەیەكی سلبی هەیە ئەگەر لەسەر

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاَودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاستی سیاسی و ئیداری و ئابوری و زانستی و تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیری و ڕاکەیاندن بەدیار دەکەون، دواتر ئەو لیژنەیە هەڵدەستێت بەدیارکردنی ووشەی ساڵ لەنێو ئەو ووشە پێشنیارکراوانەدا.
بەجێ هێشتنی ئارەزوومەندانە یان کۆچی زۆرە ملێ.
لەساڵی 1996 ووشەی (لێشاوی خانەنشینی) وەك سوکایەتی کردنێك بە کەرامەتی مرۆڤ کە ئەو ساڵە زۆر بەکارهات دەرەنجامی زیادبوونی ڕێژەی بەساڵاچوان لە ڕێژەی گەنجان و منالان لە ئەڵمانیا ئەویش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە بەرزبوونەوەی تەمەنی ئەوانەی کە لەتەمەنی ناوەڕاست دان و کەم کردنەوەی موالیدی کە دەبێتە هۆیەك بۆ لەق کردنی پارسەنگی باری کۆمەلایەتی و تێکدانی لەم وولاتەدا، بەم شێوەیە ئەم ووشەیە بەوەلێکدرایەوە کە بەساڵاچووان تاوانباردەکرێن لەوەی کە لەژیان دەمێننەوە، لەساڵی 2002 دا ووشەی (کارگە (من)، ) ئەوەش لەوەوە هات کە دەسەلات دەستی کرد بە چەند گۆڕانکاریەکی ئابوری و گەشەسەندن لە بوارەکانی داهاتی تاك لەوولات و دابینکردنە کۆمەلایەتیەکان و مەبەستیش لەو لێکدانەوەیە بەهێزکردنی تواناکانی تاك بۆ بەرهەمهێنان و کاری سەربەخۆ، بەلام ئەو لیژنەیە بەوە دەست نیشانی کرد کە لێکدانەوەیەکە بۆ کەمکردنەوەی مرۆڤ و بەستنەوەی بەمادەوە وەك کالایەك لەبۆرسەکاندا بازرگانی پێوەبکرێت.
بەلام خرپترین ووشە بەساڵی 2006 دا کە بەجێ هێشتنی ئارەزوومەندانە بوو **Freiwillige Ausreise** ئەویش بۆ ئەوانە بەکارهات کە داواکاری پەنابەری بوون و داواکاریەکانیان وەرنەگیراوون و بەخۆیان داوای گەڕانەوەیان بۆ وولاتەکانیان کردوە بێ ئەوەی دەسەلات بەزۆر بیان نێرێتەوە، لژنەی ناوبراو ئەم ووشەی لەنێوان 1130 ووشەی پێشنیارکراودا دەست نیشان کردووە، مەبەستیش لەدەست نیشان کردنی ئەم ووشەیە ئەوەبوو کە ئەم لێکدانەوەیە ڕاستیەکان دەشارێتەوەو بەشێوەیەکی دروست کراو دەیان دات بەدەستەوە، چونکە ئەوانەی داوای پەنابەریان کردووە داواکانیان وەرنەگیراوەو هیچ هیوایەکی تر لەبەر دەستیاندا نیە تەنها بەجێ هێلانی ئەم وولاتە نەبێت، بەڵکو بەجێ هێشتنیان هەڵنەبژاردووە.

سەرچاوە: Deutsche Welle

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.